هەرێم: حاڵەتێکی دیکەی توشبو بە تای خوێنبەربون لە پارێزگای دهۆك دەستنیشانکرا



وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێم رایگەیاند، ئەمڕۆ پێنجشەممە حاڵەتێکی دیکەی توشبو بە تای خوێنبەربون لە پارێزگای دهۆك دەستنیشانکرا، ئەمەش دەبێتە سێیەم حاڵەتی توشبون کە یەکێکیان گیانی لەدەستداوە.

وەزارەتی تەندروستی هەرێم لەڕاگەیەندراوێکدا باویکردەوە، "حاڵەتێکی دیکە بە نەخشی تای خوێنبەربون تۆمارکرا ئەویش ئافرەتێکی دانشتوی سنوری ناحیەی شیلادزێیە لە قەزای ئامێدی سەر بە پارێزگای دهۆك تەمەن 43 ساڵە، پیشەی ئافرەتی ماڵە لە هەمان خزان خوشکی حاڵەتی پێشوە کە دو هەفتەی پێشو گیانی لەدەستدا.
ئاماژەی بەوەشکردوە، "بەهۆی بەرکەوتە و بونی ئاژەڵی ماڵی و گومانلێکردن بە نەخشی تای خوێنبەربون، چەندین ڕێکاری دەستنیشانکردن و چارەسەری پزیشکی دەگیرێنەبەر، لە ئێستادا ئەو توشبوە لەژێر چاودێری چڕ لە نەخشخانەی خەوێندراوە و چارەسەر وەردەگرێت".

وەزارەتی تەندروستی هەرێم جەختیکردۆتەوە، "لەسەر جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی وەزارەتی

تەندروستی، لەکاتی بونی گومان و نیشانەکانی نەخۆشی لەسەر ئاژەڵ پێویستە تیمەکانی ڤێترنەری ئاگاداربکەنەوە، یان هاوڵاتیانی بەرکەوتوانی بەخۆوکردنی ئاژەڵ یان بەرهەمەکانی ئاژەڵ لەکاتی بونی هەر نیشانەیەکی ناتەندروست، بەخڕایی سەردانی نەخۆشخانەکان بکەن بۆ دواکەوتن".

ئەوەشی ئاشکراکردوە، "تا ئێستا دوای بونی چەندین حاڵەتی گومانلێکراوی نەخۆشی تای خوێن بەربون لە هەرێمی کوردستان و هاتنیان بۆ نەخۆشخانە و بەدواداچون و پشکنین بۆ گومانلێکراوان لەماوەی مانگی ئابردو، دەرەنجام تەنها سێ حاڵەت دەسنیشانکراون و پشتڕاستکراونەتەوە کە حاڵەتێکیان لەشاری دهۆك بو کە دو هەفتەی ئابردو لەبەر قورسی باری تەندروستی گیانی لەدەستدا و حاڵەتی دوەم بە تەواوی چاکبوەوە و لە نەخۆشخانە دەرچوە، لەگەڵ حاڵەتێکی دانشتوی شاری موسڵ کە ئێستا لەشاری هەولێر چارەسەر وەردەگرێت".